ناسنامەی پێشمەرگەیەکی قوربانی شەڕ و پێکدادانەکانی مەخموور ئاشکرا کرا



هاوڕێ جەوهەر قەهار، ئەو پێشمەرگەی کە لە شەڕی ئەوارێی ئەمڕۆی یەکشەممە لە ناوان پێشمەرگە و سوپای عێراق لە چیای قەرەچوغ گیانی لەدەستدا.

بەپێی سەرچاوەکان، زیاتر لە 13 پێشمەرگەی تر بریندارببوون، جگە لە بریندارەکانی سوپای عێراقی.

شایەنی باسە، شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان پێشمەرگەی زەرەفانی و سوپای عێراق هەڵیدا دوای ئەوەی هەردوولا ویستیان بارگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە چیای قەرەچوغ کۆنترۆڵ بکەن، دوای ئەوەی پەکەکە ڕایگەیاند کە بارگاکانی لە چیای قەرەچوغ و سنووری مەخموور چۆڵ دەکات و دایدەخات، کە بووە هۆی پێکدادان لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بارگایانە.